www.kurdistannet.org
18-8-2003 18:10

# جامیعەی عەرەبی و فرمێسكی تیمساحی. .

كەمال ڕەئوف

ئاشكرابوون وهەڵدانەوەی گۆڕەبەكۆمەڵەكان ونیشاندانی قەساوەتی دەسەڵاتدارێتی و جەبەروتیانەی بەعس، نەك هەربەتەنهاشەرمەزاری بۆ ئەو دەسەڵاتە تۆماركرد، بەڵكولەهەمانكاتیشدا بووە خاڵێكی ڕەش بەتەوێڵی سیاسەتی دوەلی و ئەوڕێكخراوو لایەن و دەسەڵاتانەوەكەئەو سەردەمە داكۆكیان لەم ڕژێمە دەكردو پشتیوانیان لێكرد، كارنامەكانی ئەو دەسەڵاتە بكوژە، ڕەشە كوژیەكانی چەند دەیەیەك لەمەوبەریان بەبیرجیهان هێنایەوە كەلەسەردەستیگەورە دیكتاتۆرەكان هاتبوونە ئاراوە و شەرمەزاریان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تۆماركرد بوو.

جامیعەی عەرەبی كەبەحیساب ڕێكخراوێكی سەربەخۆی عەرەبیەو بۆداكۆكی كردن لەخەڵكی نیشتمانی عەرەبی دروست بووە، جگەلەوەی بەهەمووتەمەنی خۆی نەیتوانیوە یەك مەتر لەئەرزی داگیركراوی ئەو نیشتمانە لەداگیركەر بسێنێتەوە، لەهەمانكاتیشدا نەیویستوە و نەیتوانیوە یەك ڕەخنەی جدیش بەرەو ڕووی ئەو هەمووناهەقی و كارە دزێوانەبكاتەوە كەلەسەر دەستی دەسەڵاتە لۆكاڵی و ناوخۆییەكانی ئەم نیشتمانە دەرهەق بەخەڵك كراوە ودەكرێت. ئەم ڕێكخراوە كەهەمیشە لەپاڵ دەسەڵاتەكاندا و لەسێبەرو لەسەر سفرەی ئەوان خۆی دەژێنێت، نەك هەرچاوی ئێسك و پروسكی گۆڕە بەكۆمەڵەكانی خەڵكی عێراقی نابینێت و ئامادەنیە ڕخنەیەكیش لەخۆی بگرێت لەبەرابەرئەوداكۆكییانەیكەئەوسابەناویعروبەوەلەڕژێمی پێشووی كردوە، لەهەمانكاتیشدا ئێستاش بەجۆرێك لەجۆرەكان داكۆكی لەو ڕەشەكوژیەدەكات و خەوبەوەوە دەبینێت كەهیچ نەبێت دەسەڵاتێكی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو دابمەزرێتەوە، ئەمەجگەلەوەی كە لەهەمانكاتیشدا گوێی خۆی بەمس ئاخنیوە تاكو هیچ دەنگێكی نەبیسێت كەدەنگیغەیرەدەنگی پیاوسالاریانەی نەتەوەی عەرەب بێت، ئەوان بەم كارەیان كە ئینكاری لەبوونی نەتەوەی غەیرە عەرەب دەكەن لەم نیشتمانەدا، لەهەمانكاتیشدا خەوبەوە وە دەبینن كەهیچ گۆڕانكاریەك لەناوچەكەدا نەیەتە ئاراوە تاكو ئەوان نەفەرموون و قامكی شوڤێنیانەی خۆیانی تێوە وەرنەدەن، هەربۆیە ئێستا لەناوڕووداو ئاڵوگۆڕەكانی عێراقدا ئەم ڕێكخراوەیە دەیەوێت فرمێسكی تیمساحیانە بۆخەڵكی عێراق بڕێژێت و لەژێر پەردەی ئەو داكۆكیە درەنگ وەخت و ناجیزەیەیاندا لەهەوڵی ئەوە دان ڕژێمێكی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو بێننەوە سەر كار، ئەوان كاتێك شەرم لەوكارانەیان ناكەن كە پێشتر ئەنجامیان داوە و چاویخۆیان لەو هەلومەرجەنالەبارە دەنوقێنن كەتاكی عەرەبی تیایدادەژی، ئاشكراشە شەرم لەوەناكەن كەپلەوشەهادەی عالم و پرۆفیسوریش بەكەسانی وەك عودەی ببەخشن، دیارە خەڵكیش هەقی خۆیەتی كەئەمرۆ هیچ لەو ڕێكخراوە چاوەڕێ نەكات جگەلەوەی كەدەیەوێت و دەخوازێت ئاو بەئاشی شۆڤێنیستی عەرەبیدابكاتەوە.

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.